سوپای ڕوسیا کۆنترۆڵکردنی تەواوی ناوچەی دۆنێتسکیان ڕادەگەیەنێت

وەزارەتی بەرگری ڕوسیا ئەمڕۆ پێنجشەممە لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند، هێزەکانی گروپی ڕۆژهەڵاتی ڕوسیا، تەواوی ناوچەی دۆنێتسکیان لە ناوچەی بەرپرسیارێتی خۆیان "ئازاد کردوە".

وەزارەتی بەرگری ڕوسیا ئەمڕۆ لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، یەکینەکانی گروپی هێزەکانی ڕۆژهەڵات بە قوڵایی بەرگرییەکانی دوژمن پێشڕۆییان کرد و کۆنترۆڵی شارچکەی نۆڤۆسلیڤکایان لە پارێزگای زاپۆریژیا کرد.

ئاماژەی بەوەشکردوە، سەرەڕای ئۆوش ئازادکردنی خاکی دۆنێتسک لە ناوچەی ئۆپراسیۆنی گروپی هێزەکانی ڕۆژهەڵات بە تەواوی تەواو بوە.

وەزارەتی بەرگری ڕوسیا ڕۆژی چوارشەممە ڕایگەیاند، سوپای ڕوسیا نزیکەی نیوەی شاری کوپیانسکی لە ئۆبلاستی خارکیف کۆنترۆڵ کردوە، پێشتریش یەکەکانی گروپی هێزەکانی باشوری ڕوسیا سەرکەوتو بون لە کۆنترۆڵکردنەوەی شارچکەی فیدەرۆڤکا لە دۆنێتسک.